

کەڵەشێر لە ئاش گەڕایەوەو بانگی کرد: هۆ سەردڕ، بندڕ، وەرن تەماشاکەن چەندم ئارد هێناوە! سەردڕو بندڕ وتیان: ئەوە گەربکرێت بەهەویرو کولێرەی لێ دروست بکرێت، زۆر باشە! کەڵەشێر وتی: باشە کێ ئەمە ئەکات؟ سەردڕو بندڕوتیان: ئێمە ناتوانین. کەڵەشێر هەویرەکەی دروستکردو چوو داری هێناو ئاگری کردەوەو هەندێ کولێرەی دروستکرد.



مشکەکان هەر خەریکی یاریکردن بوون، تا بۆنی کولێرەیان چوو بەسەرداو بەڕاکردن خۆیان گەیاندە کەڵەشێرو وتیان: ئای کە برسیمانە! ئیتر یەکسەر دانیشتن ویستیان کولێرە بخۆن. کەڵەشێر وتی: بوەستن، پێم بڵێن کێ دەنکە گەنمەکەی دۆزییەوە؟ بە دەنگێکی نزم وتیان: تۆ! کەڵەشێر وتی: ئەی کێ کوتای و پاکی کردەوە؟ بە دەنگێکی تۆزێك نزمتر وتیان: تۆ! ئنجا وتی: ئەی کێ تەنورەکەی گەرمکردو کولێرەکانی دروستکرد؟ بە دەنگێکی زۆر نزم وتیان: تۆ! ئنجا هەردوکیان بە هێواشی دورکەوتنەوەو دەستیان کرد بە پاککردنەوەی ماڵەکە، چونکە زانیان ئەوەی کار نەکات نان ناخوات.